# فیلم و هونەری شێوەکاری

ئا/ تاهیر عەبدولواحید
tahercen@yahoo.com

زۆرن ئەو باس و نووسین و لێکۆڵینەوانەی کە گرنگی دەدەنە هونەری سینەماو کاریگەری جۆراوجۆری بواره هونەرییەکانی تر لەسەر پێکهاتەی زووبانی فیلم، بەپێچەوانەشەوە کاریگەری فیلم لەسەر مەودا هونەری و ئەدەبییەکان.. ئەوەی لەچوارچێوەی ئەم بابەتە مەبەستە، گرنگی باس و خواسی گەڕانە لەدووی مانای هونەری سینەماو ماهیەتەکانی لەڕێگەی ئاشکراکردنی ئەو پەیوەندییانەی کە وابەستەی دەکەن بەبواره هونەرییەکانی ترو دەرخستنی جیاوازییە جەوهەرییەکانی نێوانیانە لەگەڵ هونەری فیلمدا، ئەمەش بەمەبەستێك کە سروشت و زمان و توانای فیلم رۆشنایی زیاتری بچێتە سەر.. ئەوکات دەرهێنەری گەورەی رووسی کۆچ کردوو (ئەندرێ تارکۆفسکی- 1932-1986) زۆر بەتوندی بەرپەرچی ئەو بۆچوونەی دەدایەوە کە پێی وابوو وێنەی سینەما ئاوێتەیەك بێت لەرەگەزە جۆراوجۆره هونەرییەکانی تر، تارکۆفسکی ئەمەی بەچەمکێکی هەڵە گوزارشت لێدەکرد، چونکە گەر ئەو بۆچوونە وابێ، کەواتە ئەمەش بەشێوەیەك ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە سینەما لەپێکهاتەو دروست بوونیدا لەهەندێ تایبەتمەندی سەر بەچەند شێوەیەکی هونەری تر فۆرمولە بووە، ئەمەش رەتکردنەوەی ئەو بۆچوونەیە کە سینەما وەك هونەرێکی سەربەخۆ دەبینێتەوە. تارکۆفسکی پێی وابوو کە هونەری سینەما تائێستاش بەدووی زمانی تایبەت بەخۆی دەگەڕێت، ئەوەش کە زووبانی سینەما پێکدێنێت ئاشکرا نییەو کارێکی هێندە ساناو ساکار نییە، تەنانەت تا ئێستاش لای زۆربەی سینەماکارە گەورەکانیش روون نەبۆتەوە, چونکە ئەو پێوانەیەی کە زووبانی سینەما دەست نیشان دەکات و بڕیاری لەسەر دەدات کێشەیەکە تا ئێستا یەکلایی نەبۆتەوە.. ئەوکاتەی کە دەرهێنەری فیلم دەست بەخوێندنەوەی (سیناریۆ) دەکات لەزیهنی خۆیدا کەسایەتییەکان و رووداوەکانی بەوێنە دەبینێتەوە، یان بەشێوەیەکی (شێوەکاری) دێنە خەیاڵدانی بینینییەوە، دواتر بەپراکتیکی و بەهاوپشتی کامێراو رەگەزە هونەرییەکانی تر، وێنە نووسراوەکان دەگۆڕێت بۆ وێنەی بینراو، لەکاتی بەرجەستە کردنیشدا رووناکی و سێبەرو رێکخستنی رەنگەکان کاریگەری خۆیان دادەنێن، ئەمانەش هەمووی بەکاریگەریی ئەزموون و ئیدراك و هەست و سۆزی جوانبینی و فیکری کەسایەتی دەرهێنەر رێکدەخرێن.. کاتێك پرسیاریان لەدەرهێنەری بەئەزموونی ئیتاڵی (مایکڵ ئەنجلو ئەنتۆنیۆنی) کرد : (ئایا تۆ هیچ پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان نیگارکێشان و سینەمادا دەبینیتەوە)

لەوەڵامدا وتی :

(من باوەڕم وانییە سینەما نزیکی لەگەڵ هیچ کام لەبواره هونەریەکانی تردا هەبێت، بەڵکو ئەو لەسەرووی هەموو بواره هونەرییەکانەوەیەو دەوڵەمەندترین و پڕترین هونەرە). گەر بمانەوێت لەجیاوازییەکانی تێبگەین، بەو راستیە دەگەین کە سینەما هونەرێکە گوزارشتکردنی لەواقیع بەخودی خۆیەتی . بەبوونەوەرو مادەو شتەکانی نێو واقیع خۆی بەرجەستەیان دەکاتەوە، ئەمەش بەپێچەوانەی هونەرەکانی ترە، بۆ نموونە هونەری شێوەکاری کە بۆ گوزارشتکردن لەواقیع پەنا دەباتە بەر چەندین سیمبوڵ و ئاماژەکاری.. ئەوەندەش کە پەیوەندی بە(بینین) و (وەرگرتن)ـەوە هەیە بەردەوام دووری و ماوەیەك دەبینینەوە لەنێوان بینەرو تابلۆدا, دووری و ماوەیەکی دیاریکراوو دەستنیشان کراولە پێشیندا. بینەر لەکاتی بەریەککەوتنی لەگەڵ تابلۆیەکی شێوەکاریدا ئەو هۆشیاری و درك پێکردنەی هەیە کە ئەوەی دەیبینێت گەر ئاڵۆز بێت یان نا ئەوا وێنەیەکە لەواقیع و بەهیچ شێوەیەك ناتوانرێت بەراورد بکرێت بەژیان، تەنانەت گەر باس لەژیانی واقیعی بکات و نزیك بێتەوە لەخودی ژیان.. بەڵام لەهۆڵی سینەمادا ئەو کاتەی کە تاریکی دادێت بینەر هەستکردنی بەدەوروبەر لەدەستدەدات، هەستکردنی بەواقیع دەگۆڕێت، ئەو لەگەڵ ئەو وێنانەی لەسەر شاشە بەریدەکەون کارلێك دەکات، ئەو دووری و ماوەیەی نێوان خۆی و وێنەکانی سەر شاشە تێدەپەڕێنێت و دەچێتە ناویانەوە هەروەك چۆن بچێتە نێو خەونێکەوە، باوەڕیشی لەکاتی (وەرگرتن)دا ئەوەیە کە ئەوەی دەیبینێت بەشێکە لەژیان خۆی، تابلۆی هونەریی بینەر بەرەو تێڕامان

دەبات، کاتێکی فراوانی هەیە بۆ بینین، ئازادانە بیرکردنەوەو ئەندێشەو تێڕوانینەکانی بێ پچڕان بەدوای یەکدا دێن، بەڵام بینەر لەبەرامبەر شاشەی سینەمادا ناتوانێت و بواری تێڕامانی نابێت، چونکە وێنەکانی فیلم بەخێرایی بەدوای یەکدا دێن، دیمەنەکان زوو زوو دەگۆڕێن بەشێوەیەك کە ناتوانرێت پێیان بگەین، لەبەردەم ئەو هەموو گۆڕانکاریە خێراو بەردەوامەدا پڕۆسەی بەدوایەکدا هاتنی فیکرەکان دەوەستێت،. تابلۆ جووڵەو زەمەن یەخسیر دەکات، بەڵام لەوێنەی سینەمادا هەست بەجوڵەی زەمەن دەکەین جا ئەگەر زەمەن لەفیلمەکەدا خێرا بێت یان خاو بێت، هەر ئەمەشە ریتمی فیلم پێکدەهێنێت.....

سەرباری جیاوازییەکان، تێبینی هەندێ هونەرمەندی شێوەکاری هاوچەرخ دەکرێت کە روویان لەبواری دەرهێنانی سینەمایی کردووە، بۆ نموونەش (مۆریس بیالا)ی فەرەنسی لەکاتێکدا ئەو نیگارکێش بوو و چەند پیشانگەیەکیشی کردەوە، دواتر پەنای برد بۆ هونەری نواندن، دواتریش رووەوە دەرهێنانی سینەما چوو، لەساڵی شەستەکاندا فیلمێکی ناوازەی لەسەر ژیانی هونەرمەندی نیگارکێشی هۆڵەندی (ڤان کوخ)سازکرد، هونەرمەندی بەریتانی (پیتەر گرینوای)ش دەڵێت: (یەکێك لەو هۆکارانەی کە وای لەمن کرد گرنگی بدەم بەهونەری سینەما ئەوەیە کە ئەم بوارە هونەرییە پانتاییەکی جیاوازو فراوانی هەیە بۆ گەمەکردن بەوێنەو وشەو کارلێکردنیان لەسەر یەکتری.. زۆرجار من واهەست بەخۆم دەکەم کە فیلم ساز نیم، بەڵکو شێوەی نووسەرێك یان نیگارکێشێك کە بەڕێکەوت هاتبیتمە نێو هونەری سینەما خۆم دێتە پێشچاو.. ئەمەش حاڵەتێکە باش خۆمی تیا دەبینمەوە، چونکە من لەوکاتەدا وەك راگوزەرێك یان کەسێکی ناوابەستە بەو بوارەوە خۆم دەبینم، ئەمەش بێئەوەی هەستی پێبکەی گیانی سەرکێشی و ئەزموونگەراییت تیا دروست دەکات و بێ ترس رووبەڕووی پڕۆژە فیلمەکانی خۆت دەکاتەوە، ئەوەش جیاوازیەکە کە لەسینەماکارە تەقلیدیەکاندا بەدیناکرێت و شێوە کارکردنێکیشە بەردەوام ئەو فیلم سازانەی کە وابەستەی یاساو رێساکانن دەتوقێنێت، بەڵام من بەردەوام ئەو سنوورانە تێدەپەڕێنم و یاساکان پێشێل دەکەم، ئەمەش لەڕوانگەی دژایەتی کردنیانەوە نییە، بەڵکو لەگۆشەنیگای پرسیارو گەڕانەوە دێت لەلای من کە ئایا ئەو یاسایانە لەڕاستیدا پێویستن؟؟.).یەکێکی تریش لەو هونەرمەندە گەورانەی کە جێگەی باسکردنە سینەماکاری ئەمریکی (دیڤید لینش)ە کە وەك نیگارکێشێکی ئەکادیمی سەرەتا دەستی بەکاری هونەریی کردووە دواتر لەساڵی (1967) دا دێتە ناو هونەری فیلم سازیەوە، (لینش) لەمبارەیەوە دەڵێت: (من وەك نیگارکێشێك دەستم بەکاری هونەری کرد، دواتر خەونەکانم لەسینەمادا بوونە درێژکراوەی کارکردنم لەبواری هونەری نیگارکێشاندا.. لەنیگارکێشیدا چیرۆکێك دادەهێنم کە لەوێنەی سینەمادا خۆی ببینێتەوە، بەڵام بەردەوام لەزیهنمدا ئەو دەنگانە دەبیستمەوە کە لەگەڵ هونەری وێنەکێشاندا رێدەکەن.. فیلمەکانی من بریتین لەکۆمەڵێك تابلۆی سینەمایی.. کۆمەڵە تابلۆیەك کە لەسەر شریتی سینەما دەبزوێن، دواتر لەگەڵ (دەنگ)دا ئاوێتەیان دەکەم بۆ ئەوەی حاڵەتێکی جیاوازو زیندوویان پێ ببەخشم، لەئەندێشەی خۆتاندا مۆنالیزا ببیننەوە گەر هاتوو دەمی بزواند، چی رووئەدات؟! لەدەمی ئەوەوە گەردەلوولێك هەڵدەکات، دواتر مۆنالیزا ئاوڕێك دەداتەوەو بزەیەك دەیگرێ، ئەوە دەبێتە وێنەیەکی جوان و نامۆ.. من تێگەیشتنم لەهونەری سینەما لەپاشخانی شێوەکاریمەوە سەرچاوەی گرتووە، من لەحاڵەتی ناهۆشیاریدا چیرۆك تێدەپەڕێنم و دواتر لەڕێگەی وێنەو دەنگی سینەماییەوە بەرجەستەیان دەکەمەوە)... (مایکل ئەنجلۆ ئەنتۆنیونی) بەپێچەوانەی هونەرمەندە شێوەکارەکانی تر شارەزاییەکی ئەوتۆی لەنیگارکێشاندا نەبوو، بەڵام ئەو دەڵێت: (من نیگارکێش نیم، بەڵکو من سینەماکارێکم کە وێنەو نیگار دەکێشم).. گەر گەڕاینەوە بۆ سەرەتاکان، ئەوا دەبینین کە لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هونەری سینەما لەسەرەتای بیستەکانی سەدەی رابوردوودا، زۆرێك لەشێوەکارە سوریالیستەکان پێیان وابوو کە بواری سینەما پانتاییەکی نموونەییە بۆ گەڕان و ئاشکراکردنی جیهانەکانی تر، (مان رای) و (هانز ریختر) و (فرانسیس بیکابیا) لەو هونەرمەندانە بوون کە هەستان بەئەنجامدانی کۆمەڵێك ئەزموونی فیلم سازی سوریالی، (بیکابیا) سیناریۆی فیلمی (پشوو)ی نووسی و (رینی کلیر) کاری دەرهێنانی بۆ ئەنجامدا. (سلڤادۆر دالی)ش بەشداری (لویس بۆنۆیل)ی کرد لەنووسین و دەرهێنانی فیلمی سوریالی (سەگی ئەندەلوسی)دا، ئەم جێگۆڕکێیە لەهونەری شێوەکاریەوە بۆ مەودای هونەری فیلم سازی لەلای ئەو کۆمەڵە هونەرمەندە بەشێوەیەکی حەتمی وایکردووە کە گرنگییەکی گەورە بدەنە پێکهاتەی وێنەی سینەما، کاتێك هونەرمەندێك لەبواری شێوەکارییەوە دێتە بواری فیلم سازییەوە بێگومان ئەو

لەگەڵ خۆیدا گۆشەنیگاو تێڕوانینی شێوەکاریانەی لەگەڵ خۆی هەڵگرتووە بۆ نێو ئەو بوارەو پێکهاتەی وێنە، بەڵگەنەویستیشە کە ئەرکی دەرهێنەرو نیگارکێش کاریگەری لەسەر یەکتر دروست دەکەن، لەکاتی هەر پرۆسەیەکی فیلم سازیدا. چەندین دەرهێنەری فیلم ساز کاریگەری قورسی هونەری شێوەکاریان پێوە دیاربوو، بەتایبەت لەکاتی بەرجەستەکردنی رەنگەکان و رووناکی و لەڕووی پێکهاتنیشەوە (composition)، سینەمای تەعبیری ئەڵمانی زۆر سوودمەند بوو لەڕێچکەی (تەعبیری) نیگارکێشەکان لەڕووی گەمەکاری بەڕووناکی و سێبەرو پێکهاتە شێوەکارییەکان و چڕکردنەوە ئەمە جگە لەسێبەرە دەستکردەکان- رووناکییە ناجێگیرەکان،،. لەفیلمەکانی فیلم سازی دانیمارکی (کارل دراير)دا توانەوەیەکی دیارو ئاشکرا لەنێوان گرتەکانی ئەوداو لەنێوان جیهانی تابلۆ کلاسیکیە دانیمارکی و هۆڵەندیەکاندا دەبینین.. (رۆبن مامۆلیان)ی بەڕەگەز ئەمریکی کاریگەریی تابلۆ ئیسپانیەکانی لەسەر دروست بوو بەتایبەت (مۆریللۆ) و (گۆیا) و( وال گریکۆ) و (فیلاسکویز) ،. (ستان براکهیج) یش کە هونەرمەندێکی شێوەکاری هاوچەرخە کاریگەری شیوەکارکردنی تەعبیری تەجریدی لەوێنەکێشاندا هاتە سەر بۆ بەرجەستەکردنی کاری فیلمسازی، لەمبارەیەشەوە دەڵێت: (من هەوڵدەدەم گوێم لەڕەنگ بێت).. (لۆشینۆ فیلسکۆنتی) ئیتاڵی لەکارە فیلمیەکانیدا سوودی زۆری لەتابلۆی قۆناغە مێژوویيە جۆراوجۆرەکان وەردەگرت بەتایبەت لەبواری جلوبەرگدا.. گەورە دەرهێنەری ئەمریکی (ستانلی کۆبریك) کاریگەری نەریتی کلاسیکی و رۆمانتیکی پێوە دیاربوو، هەروەها کاریگەری تابلۆکانی (گۆیا).،.(ئەندرێ تارکۆفسکی) گەورە دەرهێنەری روسیش کاریگەری نیگارکێشەکانی سەردەمی رێنیسانسی بەئاشکرا پێوە دیار بوو،( دایڤید لینش) کاریگەری( فرانسیس بیکۆن) و (ئێدوارد هوبر) و( هنری رۆسۆ) ی کەوتە سەر لەپرۆژە فیلمیەکانیدا.. دەرهێنەری بەناوبانگ (تیری گیلیام) دەڵێت:

فیلمی( جابیرۆسکی)م زۆر نزیکە لەوێنەکانی (بوش) و (بروجیل)ـەوە ،. هیرۆنیمۆس بوش سەرچاوەیەکی ئیلهام بەخشی بەردەوام بوو بۆ من.. دەرهێنەری بەناوبانگی ڤێتنامی (تران ئانە)ش لەچاوپێکەوتنێکدا دانی بەوەدا ناوە کە (فرانسیس بیکۆن) تاکە نیگارکێشی هەڵبژاردە بووە لای ئەو، لەوەش زیاتر ئەوە ئاشکرا دەکات کە فیلمی (سایکلو)کە یەکێکە لەفیلمەکانی ئەو چەند وردەکارییەکی لەتابلۆکانی (بیکۆن)ـەوە وەرگیراوە، (تران ئانە) دەڵێت: (من کاریگەری زۆری ئەو تابلۆکێشە گەورەیەم بەسەرەوەیە، کاریگەری ئەو فیکرەیەی کە بەهێزەوە خۆی لەنێو تابلۆکانیدا پیشان دەدات. دڕندەیییش بەتایبەت و وەك حەقیقەتێك.،. دەرهێنەری بەڕەگەز بەریتانی (تیرانس دیفیز) بەشێوەی نیگارکێششێك چوارچێوە بەندی گرتەکانی دەستنیشان دەکات، پێش ئەوەی دەست بەجێبەجێکردنی فیلمی (زە لۆف دەی کلۆسس) بکات کوراسەیەکی تابلۆکانی (فیرمیر)و (رامبرانت)ی پیشانی بەڕێوەبەری وێنەگرتنەکەی دا ئەوەش بۆ دیراسەکردنی کارلێکی رووناکی و سێبەر لەنێو تابلۆکانداو سوود وەرگرتن لێیان، بۆ وێنەگرتنی فیلمەکە، دەرهێنەری بەریتانیش (پیتەر گرینۆی) گوزارشتی لەسەرسامی خۆی بۆ هەست و وێنەکێشانی (فیرمیر) کردووە، تەنانەت ستایڵی (فیرمیر) لەپێکهاتی وێنەییدا سەرچاوەی ئیلهام وەرگرتن بووە بۆی، هەر بۆیە لەتایتڵی زۆرینەی فیلمەکانی خۆیدا سڵاو دەنێرێ بۆ (فیرمیر) و (رامبرانت) و نیگارکێشەکانی تری سەردەمی زێڕینی هۆڵەندی، هەروەها دەڵێت فیلمەکانی من ئەوکاتە دەکرێ تەفسیر بکرێ وبەچاکی لێی تێبگەن گەر هاتوو ستاتیکای هونەری شێوەکاریان بەسەردا درا.،. ئاستێکی تری کاریگەریی هونەری شێوەکاری لەسەر هونەری فیلمسازی لەدووبارە بەرهەمهێنانەوەی (بینین) (سینەمایی) هەندێ تابلۆی جیهانی قۆناغە مێژووییەکاندا خۆی حەشارداوە، ئەمە جگە لەو ئاماژەو گەڕانەوانەی کە رووەو هەندێ تابلۆی کلاسیکی ناسراو دەچێتەوە.. ئەم هۆشیارییە جۆراوجۆرە شێوەکاریە رەنگدانەوەی میزاج و ویستی دەرهێنەرەکانە بۆ دووبارە بەرهەمهێنانەوەی وێنەیەك کە هێزێکی گەورەی عاتیفی و چڕکراوەی تێدا بەرجەستە کرابێت.. لەفیلمی (فریدیانا)ی دەرهێنەر (لویس بونویل)دا سەر لەنوێ گێرانەوەی تابلۆ بەناوبانگەکەی لیوناردۆ داڤنشی ( دوا خوان)ی بەرجەستە کردۆتەوە ئەوەش لەڕووی شێوەی مێزەکەو بارستایی و گۆشەنیگای کەسایەتیەکان و چۆنێتی دەرکەوتنی ئیمائاتەکانیان.. کاتێك (بونویل) ئەو وێنەیەی داڤنشی بەرهەم دەهێنێتەوە توانەوەیەکی رووەکان پیشان دەدات لەناو یەکتردا، بەڵام مەبەستگەراییەکی (هیجائی)و دەرخستنی حاڵەتێك لەبێهودەیی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە .کۆمەڵێك لەدەروەزە گەڕەکان کە مەستن وگوزارشت لەهەڵسوکەوت و ئیمائاتی چەند کەسایەتیەکی

ئایینی سەنگین دەکەن، کاتێك کە تابلۆیەك لەشێوەی دیمەنێك یان فیلمیکدا بەرهەم دەهێنرێتەوە لەمجۆرە ساتانەدا رەهەندێکی سوریالی دەبینینەوە کە مەبەستیەتی بۆچوونی بینەر یان وەرگر تێك بشکێنیت لەمەڕ ئەوەی کە پێویستە ئەو وێنە سینەماییە دەبێت لەتابلۆ حەقیقیەکە بچێت، یان لێی نزیك بێتەوە.. ئەمجۆرە دنیابینیە بیرەوەری و هۆشیاری بینەر تووشی هێدمە دەکات، لەهەمان کاتدا هەوڵ دەدات کە دووبارە لەڕووی شێوەی وێنەییەوە جوانییەکی تایبەت بداتە گرتەکان، لەڕووی پێکهاتیشەوە هەڵگری وزەیەکی گەورەی ئیحائی و گریمانەییشە.

کاتێك (ئەلفرێد هیچکۆك)ی گەورە دەرهێنەری سینەما ویستی دیمەنی خەونی پاڵەوانەکەی لەفیلمی (المسحور)دا بەشێوەیەکی سوریالیانە بەرجەستە بکات، پەنای بۆ (سلفادۆر دالی) سوریالیست برد تا دیزاینی دیمەنەکانی ئەو خەونەی بۆ دەستنیشان بکات.. (دالی)ش بەشێوەیەك وێنەکانی بۆ کێشا کە زۆر نزیك بوون لەجیهانی وێنەی تابلۆکانی خۆی.. تیایاندا هێڵی خوارو سێبەری درێژ و هەستکردنێکی تیژ بەبینراوەکان رەنگیان دابۆوە، بەڵام دواجار سەرکەوتنیشی بەدەستنەهێنا، چونکە ئەوەندەی ئاکامی خەونی نیگارکێشێك بوو، ئەوەندە خەونی دەرهێنەرێکی سینەمایی نەبوو،

(دالی) بەتەنها (سوریالیەتی کانفاس)ی تیادا بەکاهێنابوو، بەڵام بەهۆی واقیعیەتێك کە رەگوڕیشەی لەناو سینەمادا داکوتاوە، فیلم بەزەرورەت پێویستی بەمیتۆدێکی جیاواز هەیە بۆ گوزارشتکردن لەهەستی سوریالیيانە..لەمبارەیەشەوە (هیچکۆك) دەڵێت: (هۆکاری راستەقینە کە وای لێکردم پەنا بۆ سلڤادۆر دالی بەرم ئەوە بوو کە من ویستم دیمەنی خەوەکە بەشێوەی بینراوێکی باڵا بگوازمەوە بۆ بینەر، دالی م بۆ ئەوە پێویست بوو ئەو خاوەنی تیژییەك بوولەمیعماری کارەکانیدا (دی شیریکو)ش هەمان تایبەتمەندی هەیە.. مەبەستم بەکارهێنانی سێبەرە تاڵ و ناکۆتاکانە، هەروەها ئەو رەهەندو هێڵ و بینراوانەی کە لەیەك خاڵدا یەکدەگرنەوە).

دوای چەند ساڵێك (ئەلفرێد هیچکۆك) ستایلی (دی شیریکو) بەکاردەهێنێت لەکارە سینەماییە بەناوبانگەکەی کە ئەویش فیلمی (ڤێرتیگۆ) بوو کاتێك دیمەنی پاڵەوانەکەی بەرجەستە کردووە کە دوای کچێك کەوتووە لەچەند شوێنێکی جۆراوجۆری وەك (پیشانگەیەکی شێوەکاری) و (گۆڕستان) و (کەنیسە) و (ماڵێکی کۆن) .لەم دیمەنانەشدا سێبەری درێژو قولایی وێنەو چۆڵی شوێنەکان پیشان دەدات و پاڵەوانە کچەکە جێگۆڕکێ دەکات لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر هەروەك چون لەخەوێکدا بێت.. سەبارەت بەڕەنگەکان یان (مناڵەکانی سێبەر) هەروەك چۆن (لیۆناردۆ داڤنشی) وەهای ناوناوە، فیلمەکان بەشێوەیەکی ستاتیکی لەڕووی تەنسیق و پێکهاتەوە تەوزیفیان دەکەن، یان لەڕووی (سیمبوڵ)ـەوە وەك گوزارشتێك لەدنیا بینی زاتیەوە بۆ واقیع و شتەکان بەرجەستەیان دەکەن یان لەڕووی درامییەوە بۆ گوزارشتکردن لەحاڵەتی سۆزداری و دەروونی و زیهنی کەسایەتییەکان بەکاریان دەهێنێنن.. (مایکڵ ئەنجیلۆ ئەنتۆنیۆنی) دەرهێنەر دەڵێت: (ئەمەوێت فیلمەکانم بەشێوەیەك رەنگ بکەم کە لەتابلۆ بچێت.. ئارەزووش دەکەم میزاجی رەنگئامێزی خۆمیان تیا بەرجەستە بکەم، چونکە من خۆم وابەستەی رەنگی وێنە سادەکان ناکەم.. رەنگ بەلای منەوە وەزیفەیەکی دەروونی و درامی هەیە، دەرهێنەر پێویستە ئەو رەنگانە بەکاربهێنێت کە چیرۆکی فیلمەکەی داوای دەکات و لەڕەنگەکانی تر دوور بکەوێتەوە) زۆر لەوێنەگرەکانی سینەما سوودیان لەتابلۆ هونەری و شێوەکارییەکان وەرگرتووە لەچۆنێتی بەکاربردنی رەنگ و رووناکیدا، بەتایبەت بەکارهێنانی ئەو رووناکیانەی کە لەتابلۆکانی (رامبرانت)دا دەبینرێن و سەرچاوەکانیان نادیارە ئەو بەکاربردنەش بۆ مەبەستی درامی سوودی گەورەی لێ بینراوە.. وێنەگری ئیتالی (ڤیتوریو ستورارو) لەوێنەگرتنی فیلمەکانیدا زۆر سوودی لەتابلۆکانی (کارا فاجیۆ) و (ڤیر میر) و زۆر لەشێوەکارەکانی تر وەرگرتووە ، ئەوەش بەمەبەستی دەوڵەمەندکردنی لایەنی پێکهاتەیی و شێوەکارانەی وێنە سینەماییەکانی خۆی، هەروەها وێنەگری بەناوبانگی جیهانی (نستور ئەلمیندروس) لەکتێبی (پیاوو کامێرا) (AMAN WITH A CAMERA)دا دەڵێت: (کاتێك من ئامادەی کارکردن دەبم لەفیلمێکدا بیرکردنەوەم دەچێت بەلای جیهانی تابلۆو کارە شێوەکارییەکانی هونەرمەندێکی دیاریکراو یان قوتابخانەیەکی شێوەکاری دیاریکراودا، لەفیلمی (دوو ئینگلیزەکە)ی گەورە دەرهێنەری فەرەنسی (ترۆفۆ)دا تەرکیزی خۆمان لەسەر تابلۆو نیگارکێشی سەردەمی (ڤیکتۆری)دانا، ئەمە لەکاتێکدا قۆناغی ئینتیباعی فەرەنسیمان پشتگوێ نەخست. رووداوەکانی ئەو فیلمە باس

لەقۆناغێکی مێژوویی دەکات کە سەرەتای سەدەی بیستەمە، ئێمە پرسیارمان لەخۆمان کرد کە چۆن دەتوانین شووناسی ئەو سەردەمە بەرجەستە بکەین؟ بەتێڕامان لەتابلۆکانی ئەو سەردەمە ئەوەمان لا ئاشکرا بوو کە ڕەنگە روونەکان لەکەشی گشتی و جلوبەرگی ئەو سەردەمەدا بوونی نەبووە، پێدەچێت ئەوەش هۆکاری ئەوە بووبێت کە لەو کاتەدا نەتوانراوە بەشێوەیەکی پێشکەوتوو تەکنیکی ڕەنگەکان ئامادە بکرێن. هەروەها لەفیلمی (ئەژنۆی کلێر)دا دەرهێنەر (ئەریك رۆمر) داوای بەرجەستەکردنی دیمەنگەلێکی شێوەی تابلۆکانی (گۆگان)ی لێکردم، چونکە ئەو تابلۆیانە تایبەتمەندی ڕەهەندی دوانەیی و ڕەنگە روون پاکەکانی تیا بەدی دەکرێت)). (ئەلیمیندرۆس) لەکتێبەکەیدا ئەوەش ئاشکرا دەکات کە ئەو کاریگەرییەکی گەورەی (ڤیرمیر)ی لەسەر بووە لەچۆنێتی بەکاربردنی (رووناکی)دا کە لەتابلۆکانی ئەو شێوەکارە مەزنەدا دەبینرێت، بەتایبەت ئەو شێوە رووناکیانەی کە لەتەنیشتی پەنجەرەکانەوە دێنە ژوورەوە.. (ئەلیمیندرۆس) لەمبارەیەوە دەڵێت: ((بەردەوام کۆمەڵێك لەنیگارکێش و شێوەکارەکان پشت و پەنای من بوون لەچۆنێتی کارکردنمدا، چونکە ئەوانە رووناکیان بەشێوەیەك بەکارهێناوە کە هەستێکی سێ ڕەهەندیمان پێدەبەخشن لەوێنەکانیاندا، بۆ نموونە (ڤیرمیر) لەگەڵ بەشە ناوەکیەکانی رۆژدا، (لاتور)یش لەگەڵ بەشە ناوەکییەکانی شەودا کە بەسەرچاوەیەکی رووناکی لە شێوەی ئاگر  روناکی کردۆتەوە، (رامبرانت و کارفاجیۆ)ش بەشێوە کارکردن و ڕێچکەی تایبەتی خۆیان لەدابەشکردنی رووناکی و سێبەر لەنێو پێکهاتنی تابلۆکانیاندا، هەروەها شێوە کارکردنەکانی (مۆنێ)و (ڕێنوار)، ئەمانیش کاریگەری گەورەیان لەسەر داناوم)).

لەوتەیەکی دەرهێنەری بەناوبانگ (کاریل رایس) سەبارەت بەفیلمی (خۆشەویستەکەی ئەفسەری فەرەنسی)دا دەڵێت: (لەو دیمەنانەی کە باس لەقۆناغی فیکتۆری دەکەین بەهۆشیاریەکی تەواوەوە گەیشتینە ئەو بڕیارەی کە شێوە رووناکی ئەکادیمی بەکاربەرین، لەو شێوە رووناکیانەی لەتابلۆکانی سەردەمی فیکتۆریدا بەکارهاتووە، هەروەها رووناکی پێشەوەو لاتەنیشتمان بەکارهێناوە بۆ وێنەکانمان هەروەك چۆن لەتابلۆکانی پێش ئینتیباعییەکان بەرچاومان دەکەون)). گرنگ کاریگەری بواری شێوەکاری بەتەنها لەسەر مەوداکانی وێنەگرتن نەبووە، بەڵکو بەووردی کاریگەری لەسەر شێوەی دیکۆرو جلوبەرگ هەست پێدەکرێن تەنانەت زۆرجار تابلۆیەکی شێوەکاری ئیلهام بەخشی چیرۆك و سیناریۆی فیلمێکی دیاریکراو بووە، بەپێچەوانەشەوە گوومان لەوەدا نییە کە هونەری( سینەما)ش کاریگەری خۆی لەسەر هونەرمەندانی شیوەکار داناوە، بۆ نموونە باس لەوە دەکرێت کە (سیلڤادۆر دالی) گەورە هونەرمەندی سوریالی زۆرجار سەردانی هۆڵەکانی پیشاندانی فیلمی سینەمای کردووە بەمەبەستی  وروژاندی هەستەکانی و ئیلهام وەرگرتن لەهەندێ فیلم بۆ وێنەکێشانی تابلۆکانی، بەشێکی تر لەو دیاردەی کاریگەریانەی هونەری سینەما لەسەر هونەری شێوەکاری، زۆرجار تابلۆ نزیك دەبێتەوە لەدیمەنە سینەماییەکان، بەشێوەیەك هەندێ جار فیلمێکی سینەما بۆتە خاڵێکی دەسپێك بۆ وێنەکێشانی تابلۆیەکی دیاریکراو، ئەمە جگە لەسوود وەرگرتنی لەبارستایی و گۆشەنیگاو جووڵەی کامێرا لەگرتە سینەماییەکاندا تەنانەت لەپێکهاتی وێنەییش لە هەندێ فیلمدا.. هونەری سینەما بەدرێژایی تەمەنی چەندین فیلمی لەسەر ژیان و کارە هونەرییەکانی زۆرێك لەنیگارکێش و شێوەکارانی بەناوبانگی دنیا دروست کردووە، بۆ نموونە فیلمی (ئارەزووی ژیان) کە لەساڵی (1956)دا بەرهەم هاتووە و باس لەژیان و داهێنانەکانی نیگارکێشی گەورەی هۆڵەندی (ڤان کوخ) دەکات، هەروەها فیلمی (ئەندرێ رۆبۆلۆف)ی گەورە دەرهێنەری رووسی (ئەندرێ تارکۆفسکی) کە لەساڵی (1966)دا بەئاکامی گەیاندووەو رووداوەکانی ژیانی هونەری و ئەفراندنی (ئەندرێ رۆبۆلۆف) باس لێوەدەکات لەو سەردەمەی تیایدا ژیاوە.. هەروەها فیلمی (کارا فاجیۆ)ی دەرهێنەر (دیریك گارمان) کە لەساڵی (1986)دا بەرهەمهێنراوەو ئاوێتە بوونی پەیوەندی ئەو هونەرمەندە شێوەکارەمان بۆ دەگەڕێنێتەوە لەگەڵ واقیعی ژیاندا لەڕێی پێکهاتەیەك لەحەقیقەت و ئەندێشەوە ،.گرنگ ئەو فیلمانە نایانەوێت وێنەی ژیانی سادەو ئاسایی ئەو هونەرمەندانە بن، بەڵکو گرنگی گەورە تیایاندا دۆزینەوەی جیهانە شاراوەکانە لەڕێی دنیابینی دەرهێنەرەکانیانەوە، هەوڵی دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان ژیانی راستەقینەی هونەرمەندەکانیان و گوزارشتی ستایلێکی ئەوانەی  کە تابلۆ و شاکارە شێوەکاریەکانیان بەرهەمهێناوە. واتە ئەو هونەرمەندانە ببنە نموونەیەك بۆ گەڕان و ئاشکرا کردنی سایکۆلوجیەتی ئەفراندنی هونەری.. لەکۆتاییدا بوارێکی تر هەیە کە ناکرێت فەرامۆش بکرێت و لەئاستیدا

چاو دابخەین.. ئەویش بواری (فیلم کارتۆن)ـە (الرسوم المتحركە) (ANIMAITON) کە زۆر نزیك بۆتەوە لەوەی کە تیوریستانی بواری هونەری بە(هونەری هەشتەم) بیناسێنن و ناوزەندی بکەن.. لەم بوارە هونەرییەشدا پەیوەندیەکی بەهێز دەبینرێت لەنێوان نیگارکێشی و پاشکۆیەکی تری هونەری سینەمادا، ئامادەیی هونەری شێوەکاری تیایدا زۆر بەهێزو دیارە، (رۆبێرت بینا یۆن) لەو کتێبەیدا کەلەساڵی (1961) بلاویکردۆتەوەو دەڵێت: (ئەو پەیوەندیە توند تۆڵەی لەنێوان هەندێ جۆری فیلم کارتۆنی و کارەکانی (کاندینسکی) و (خوان میرۆ) و (واین تانچی) دا هەیە دەریدەخات کە هونەری (فیلم کارتۆن) تاچ ڕادەیەك سوودمەند بووە لەبواری (هێڵکاری) و (نیگارکێشی هێڵکاری) و(رەنگ) دا دەکرێت تێبینی ئەوەش بکرێت کە جێبەجێکارانی (فیلم کارتۆن) لەڕاستیدا زۆربەیان شێوەکارن و دنیابینی جۆراوجۆریان لەگەڵ خۆیان هەلگرتووە کە ئەو بوارەیان دەوڵەمەندتر کردووە، تەنانەت هەندێکیان سەرکەوتنی گەورەیان بەدەستهێناوە کاتێ روویان کردۆتە (فیلمە دراميیەکان) نموونەی ئەوانیش (کۆن ئەشیکاوا)ی ژاپۆنی و (فالیریان بوروڤیشك)ی پۆڵەندی و کەسانێکی تریش کە کاریگەری بواری (فیلم کارتۆن)یان لەگەڵ خۆیان هێنایە ناو بواری (فیلمی درامی)یەوە لەڕووی تەوزیف کردنی رەنگەکان و چۆنێتی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ شاشەدا . هەروەك چۆن بڵێیت تابلۆیەك بێت و پێکهاتە وێنەییەکانی ئەوانی لەخۆگرتبێت....

..........................................................................................

سەرچاوە / سیمینارێکی تایبەت سەبارەت بە( سینەماو هونەرەکانی تر) لەبەشێکی تایبەت بە فیلم و هونەری شێوەکاری لەشاری مەسقەت ( 2 / 2004 ) – نووسینی ( ئەمین صالح ) .

لە ئینتەرنیتەوە .